بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الأنسان لفي خسر،الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر).

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

لەدەرسەكانی ناو و كرداره پیرۆزەكانی خوا بەردەوامین، ئەوڕۆ لە خزمەتتان باسی دوو بەش لە بەشەكانی الرَّحْمَنِ، لەگەل الرَّحِيمِ، كە مانای چییە؟ وە چەند جار هاتییە؟ وە مەقصودی ئەو كەلیمەیە لە قورئان، یا مەدلولی ئەو كەلیمەیە لە قورئان چییە؟ چۆنیەتی عیبادەت پێكردنیشی كو دەبی؟

مەعلومتانە لە دەرسەكانی پێشی بەحسی ئەوەمان كرد: الله (جل جلالە) هەرچی ئەفعال و ئەسمائی هەیە لە ڕێی مەخلوقاتەكانی جوملەتەن كەشف دەكرێ، پاشان عیبادەتی پێدەكرێ، گوتمان: هەتا خودا (جل جلالە) مەخلوقاتی نەبی وە عەبد قیرائە لەسەر مەخلوقاتی خوای نەكا (جل جلالە) خالقییەتی خوای الخالق لەبۆی كەشف نابی، نەفسی وەقت البارئ، المصور، ئەوانە هەمووی كە ئەسماء و ئەفعالی باری تەعالانە لەناو مەخلوقاتەكانی ئەو ئیسمە یان ئەو فیعلە پاش قیرائەكردنی ئیحساس بە وجودی دەكرێ لە داخیل، رەبیش كذلك.

فە كەلیمەی الرحمن لەگەل الرحیم، ئەویش دوو ناو و فیعلن، باری تەعالا لە قورئان ذیكریانی كردییە، وە ذات دەبی تێیان بگا لە ڕێی مەخلوقاتەكانی خوای دەبی تێیان بگا، مەعریفەی پەیابی، پاشان لەسەر ئەو حالەتە تەمرین بكا و مومارەسە بكا، لۆوەی ئیسم و فیعلی رحمن الرحیم لە داخیلی كە مەعانی مەوجودە زیندوو كاتەوە، ئەوجە پاشان وفقی وەی عیبادەتی خوای بكا، ئەوە مەرحەلەكانە.

كەلیمەی الرحمن لەگەل الرحیم، وەكو قەدیمەنیش بەحسمان كرد ئەوە تیكرارە، لەو كەممییەتەی لەو حەجمەی كە باری تەعالا موقابیلی وی جیهازی داخیلی مەی خەلق كردییە، حاجەتی ئەو جیهازە داخیلیەی چەندبی بەو كەممییەتەی ئیسم و فیعلی رحمن (الرحیم)ی دابەزاندییە لە قورئان، وە بەو تەرتیبەش دایبەزاندییە، فە لۆیە كەمترین خەلەل لە فەوضەوییەتی وەرگرتنی الرحمن، یاخود الرحیم، بە كەم زیادكردن بە پێش و پاش خستن خەلەل دروست دەكا لە ئیمتصاص و وەرگرتنی ئائەو ئیسم و فیعلە، ئەو خەلەلەش لە ئەثنای عیبادەت كردن لە واقیعی حالی شەبابی صەحوە ئیحساسی پێدەكرێ،

فه لۆیه کەممیەتی هەر ئیسمەك هەر فیعلەك كه قەدیمەن بەحسمان کردییه، بەقەد ئەو کەممیەتەی کە باری تەعالا داینایە لە ذاتی قورئان، وە بە تەرتیبی نزولیش کە لەبۆ ذاتی رسول الله دابەزییە، بەو تەرتیبەی ئەگەر هاتوو وەرگیرا فیعلەن ئەو مەعریفە نەوعییە کە جیلی صەحابەی کیرام پێیان بوو بەنیسبەت باری تەعالا لە لای ئەو ذاتە دروست دەبی، دەشتانی وەکی جیلی صەحابەی کە ئەوان کو خوایان ناسییە بە عەینی طەریقەتی وان خوا بناسی، وە بە عەینی طەریقەی وانیش عیبادەتی خوای بکا.

فه کەلیمەی الرحمن لە قورئان پەنجا و حەفت جار هاتییە، هەمووشی بە تەنێیە، هەموو کەلیمەی الرحمن هەمووی بەتەنێیە، مەقصەدمان لە کەلیمەی بەتەنێ، یەعنی مضاف و مضاف الیە لەگەل نییە، صەڕاحەتەن لە ئیسم و فیعلەکانی خوای ئەو مەوضوعە قیچەك ئیهمال کرایە، باری تەعالا لە قورئان کە بەحسی الله دەکا یاخود بەحسی رب دەکا، یاخود بەحسی رحمن دەکا، بە تاك بەحس دەکا، چونکی ئەوانە هەمووی ئیسمن، ئەمما ئەگەر هاتوو فیعلەك لەگەل فیعلەکی دیکە لەگەر یەك ڕەبط بوو، ئەو وەختی حالەکیتکە دروست دەبی، دەبی ئەو حالەتە ممارەسە بکرێ، مەثەلەن: هەر لەصەدەدی مەوضوعین کەلیمەی رحیم لە قورئان کەلیمەی رحیم بەتەنێ نەهاتییە، الرحیم بەتەنێ نەهاتییە، ئیذەن داخیل بەتەنێ ئیحتیاجی بە کەلیمەی الرحیم نییە، کەلیمەی رحیم کەلیمەکیتکەی لە پێش هاتییە، یا (تواب الرحیم)ە یاخود (رؤوف الرحیم)ە، یاخود (غفور الرحیم)ە، (عزیز الرحیم)ە، (بر الرحیم)ە، (ودود الرحیم)ە، بەتەنێ کەلیمەی الرحیم، لە قورئان نەهاتییە، لۆیە ضەڕوڕییە ئەوە موڕاجعە بکرێ، مادەم باری تەعالا بەتەنێ کەلیمەی رەحیمی تەنزیل نەکردییە لە قورئان، ئیذەن ئەمە داخیلمان ئیحتیاجی بە کەلیمەی رحیم نییە بەتەنێ.

باشە کو باری تەعالا تەنزیلی ئەو کەلیمەی کردییە؟ لە جەواب دەلێین بە صیغەی مضاف و مضاف الیە، کەلیمەی الرحیم، کەلیمەکی دیکەی لە پێش هەیە، کەینێ کەلیمەی رحیم کەلیمەکەی دیکەی بە پێش کەت مەعنایەکەی دەگۆڕێ، مەعنایەکەی دەگۆڕێ کە مەعنایەکەی گۆڕا باری تەعالا ئەوە مەقصودیتی، یەعنی کەلیمەی تواب الرحیم، لەگەل رؤوف الرحیم، فەرقی هەیە، بەو دوو کەلیمەی ئەوجە یەك مەعنا دروست دەبی، بەو دوو کەلیمەیەی ئەوجە مەعنایەك دروست دەبی، ئەو مەعنایەی کە خوا دەیەوێ، ئەمە بە واسطەی ئەو مەعنایەی کە بەتەنێ دروست دەبی لە تواب الرحیم، لە رؤوف الرحیم، بەو مەعنایەی ئەمە عیبادەتی خوای بکەین، نەك بەتەنێ بە کەلیمەی رحیم.

ئەمما ئەوە لە کەلیمەی رحمن، ئەوها نییە کەلیمەی رحمن بەس بەتەنێ هاتییە، هەر پەنجا و حەفت جار لە هەموو قورئان کەلیمەی رحمن بەتەنێ هاتییە، بەس لە بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، بەس لەوێ رحیمەکەی پێوە لکایە ئیضافەی لەسە کرایە، ماتەبەقا هەموو کەلیمەی رحمن لە قورئان موفرەدە تاکە، نموذج لەبۆ کەلیمەی رحمن وەکو: (وَإِلَـهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ (البقرة ١٦٣))(الرَّحْمَنُ، عَلَّمَ الْقُرْآنَ)(الرحمن ٢)، لە سووەرێتکەی موختەلیف وەکو عەرضم کردن، پەنجا و حەفت جار هاتییە، (مَّا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِن تَفَاوُتٍ) (الملك٣) یاخود (مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا الرَّحْمَنُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ بَصِيرٌ)(الملك ١٩) الى آخره، لەو پەنجا و حەفت جێیەی رحمن تیکرار بووە، بەس لەگەل کەلیمەی رحمن الرحیم ئیضافەی هەیە فقط، ئەویتکە هەمووی بە تەنێیە، باشە لۆ بەتەنێیە؟ چونکی ئیسمە فیعل نییە، (قُلِ ادْعُواْ اللّهَ أَوِ ادْعُواْ الرَّحْمَـنَ أَيّاً مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ الأَسْمَاء الْحُسْنَى)(الإسراء ١١٠)، الله لەگەل رحمن پێکەوە هاتییە.

ئیذەن کەلیمەی رحمن لێرە ئیسمە فیعل نییە، مەثەلەن: (الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى)(طه٥)، لەو ئایەتانە زۆر هەیە بە تەدریج، کەلیمەی الرحیم نەوەد و پێنج جار هاتییە لە قورئان، الرحیم، نۆ جار بەتواب الرحیم هاتییە، نۆ جار بە رؤوف الرحیم هاتییە، سێ جار بە عزیز الرحیم هاتییە، یەك جار بە البر الرحیم هاتییە، یەك جار ودود الرحیم هاتییە، چل و یەك جار غفور الرحیم هاتییە، شەش جار بە الرحمن الرحیم هاتییە، هەمووی جەمع کە دەبتە نەوەد و پێنج جار.

ئیذەن فیعلی الرحیم لەگەل کەلیمەکیتکە مضاف لەسەری، لە ئیسمی الرحمن زیاتر هاتییە لە قورئان، ئەو گۆتمان: پەنجا و حەفت جار، ئەوە نەوەد و پێنج جار، ئەوە هەندەسەی کەلیمەیە لە ناو قورئان، بە تەرتیبی نزولیش حالەتەکە دروست دەکرێ، کەینێ ئەمە چووینە خزمەت قورئان، یەکەمین جار کە لە سورەتی فاتیحە دابەزی، سورەتی فاتیحە پێنجەمین سورەتە لە تەرتیبی نزول، لەسەر پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم)، یەکەمین جار پاشی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) (الفاتحة١)(الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)(الفاتحة ٢) (الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ)(الفاتحة ٣)، یەکەمین جار لەو سورەتەی ئائەو ئیسم وفیعلە دابەزییە سەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).

گوتیشمان: مومارەسەکردنی ئەسماء و ئەفعالە پیرۆزەکانی خوای (جل جلاله) لە ضمنی سیاقی سورەت و ئایەتەکەی دەکرێ بە تەرتیبی نزول، یەعنی ناکرێ أسماء الله هەمووی لە دەفتەری لە

وەرەقەکی بنووسین کما مەوجود فی الحدیث، الرحمن، الرحیم، الملك، القدوس، السلام، المؤمن، المهیمن بەو طەریقەیەی کە مەوجودە وە لەبەری کەین، وە تەسبیحاتی پێ بکەین، چەند جارەك گۆتیتمان ئەوە صەحیح نییە، ئیننەما صەحیحەکە ئەوەیە لە ڕێی تەرتیبی نزولی قورئان، کە سوڕەتەکە هاتتە خوارێ وفقی جیهازی داخیلی ئینسان تەرتیبی نزولەکە کرایە، حاجەی داخیلی ئینسانەکەی لەبۆ ئیسم و فیعلی الرحمن الرحیم، کەینێ بووە لە چ زەمانەك ئەو وەختی ئیسم و فیعلی رحمن الرحیم دابەزیتە سەر، هەر یەك لەمە بمانەوێ مومارەسەی ئەو حالەتەی بکەین دەبی بچینە ناو جەوی سوڕەتی فاتیحە، لە خزمەت سوڕەتی فاتیحە بین، مومارەسەی سوڕەتی فاتیحە هەر لە بیدایەت (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)، پاشان (الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ)، کەینێ ئیحساس بە مومارەسە لەبۆ رب دروست بوو وەکو دوو دەرسی پێشی ئێستا بەحسمان کرد: (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)(المزّمِّل ٩) دروستبوو، رب کل شئ دروست بوو، پاشان دەبتە رَبِّ الْعَالَمِينَ بە تەسەسول لە ناو داخیل، کەینێ بووە رَبِّ الْعَالَمِينَ، ئەو وەختی ئەو ذاتە لەگەل ئەو کوللە عالەمە ئیحساس بە حاجییەتی الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ دەکا، ئەو وەختی الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ مومارەسە دەکرێ، پاشی ئەوەی رب العالمین دروست بوو لە داخیل، رَبِّ الْعَالَمِينَ دروست بوو، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق ١) مومارەسە کرا قیڕائە کرا، هەرچی ئیسمی رب هەیە قیڕائە کرا، هەرچی ئیسمی وکیل هەیە قیڕائە کرا، کە ئەو هەموو ڕەبە وەکو گوتمان: ئەخیر مستەوا قەبلی رَبِّ الْعَالَمِينَ، (رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)، ئەوجە پاشان رَبِّ الْعَالَمِينَ دێتە پیش، دیسان قیڕائەی لەسەر کرا، مومارەسە لەسەر کرا و تەمرینی لەسەر کرا، لەناو داخیل فەڕاغ دروست دەبی لەبۆ الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ، کە فەڕاغەکە دروست بوو ئەو وەختی مومارەسەی الرحمن الرحیمی دەکرێ، ئەو وەختی ئەو حالەتە لە ناو داخیل دروست دەبی، بە مەفهومی تەعەبود دێتە جێ، ئەوە هەندەسییەتی کەلیمە.

با بێینە سەر مانای کەلیمە: ئەو کەلیمەیە ئیشتیقاقاتی لە چ وەرگرتییە، قووەت و فاعیلییەتی خۆی لە چ وەرگرتییە، وەکو گوتمان: ئەسماء و ئەفعالی باری تەعالا دەبی جوملەتەن لە ناو مەخلوقاتی عەکسی هەبی، زەمینەی هەبی، باری تەعالا ئەوهای دانایە لەڕێی مەخلوقاتی ئەو بناسرێ، لەڕێی مەخلوقاتی باری تەعالا ئەوجە ئەو بناسرێ، طەریقەی مەعکوس نییە ئەمە بچین بێ ئەوەی لە مەخلوقاتی خوای بگەین ئەوجە پاشان بچینە سەر ذاتی رَبِّ الْعَالَمِينَ، ذاتی رَبِّ الْعَالَمِينَ بینینە خوارێ والعیاذ باللە، مومارەسەی ئەسماء و ئەفعالی لەسەر بکەین ئەوجە مەخلوقاتی بناسین، ئەو طەریقەیە غەڵەتە عەکسییە، لۆیە هەموو قورئان لە سوڕەتی فاتیحەوە هەتا سوڕەتی ناس لە ئەنبیاء و رسول، لە سونەنی ئومەم لە تاریخ هەتا کە بەحسی (یوم الآخیرة)ە و ئەوانە دەکا، باری تەعالا بەحسی مەخلوقاتی دەکا، فیعلی باری تەعالا لە ناو مەخلوقاتەکانی کو خەلقی کردییە، کو ئیجادی

کردییه، کو تەیسیری دەکا، کو خۆی موهەندیسە لەسەری، کو خۆی ئیدارەی دەکا ئەوجە پاشان (یوم الآخرة)ش کو خۆی موهەیمینە لەسەری، کو هەمووی تەفجیر دەکا، کو هەموو خۆی دیسان جەمعی دەکا خەلقی دەکا، هەمووی وەکی فلیمەکی سینەمائی بینە پێش چاوی خۆت، دەبی لەوانەوە خوا بناسرێ، لەو حالەتانەوە خوا بناسرێ.

ئیننەما کابرا دانیشی مەثەلەن: فیعلی الرحیم لە داخیلی خۆی دروست کا، بەبێ ئەوەی عیلاقەی بە مەخلوقاتی هەبی، ئائەو حالەتە حالەك فەلسەفی تەجەرودی لە مێشك دروست دەبی، حالەك تەصەوفی دروست دەبی لە مێشك، لۆیە زۆر جار ئینسان موحتەمەلە خوای بناسی ئەمما خوایەك مونفەصیل لە مەخلوقاتی، وەی لێدێ موحتەمەلە بە تەصەوری خۆی خوای خۆش بووێ مل کەچ بی لەبۆ مەئموڕاتی خوای ئەمما عیبادەتیش نەکا، وەکو ئەجیالی پێشی ریسالەت و نبووەت، ئائەو حالەتە ئەو شعورە لە ناو داخیلی ئینسان دروست دەبی، ئەمما ئەگەر هاتوو حالەتەکە بە صەحیحی کو ئەنبیاء و رسول هینایتیان ئومەم لەسەریان ئەو تەجاربانە تەطبیق بووە لە ڕێی مەخلوقاتیەوە خوا ناسرایە، کە خوا ناسرایە عیبادەتی خوای کرایە، بە تەوحید و بە ربوبییەت و بە یوم الآخر و بە زانینی ناسینی جەننەت و جەهەننەم و ئائەوانە، ئەو وەختی عیبادەتی صەحیح بە تەوەجودی صەحیح دروست بووە لە ناو داخیلی ئینسان بە نیسبەت باری تەعالا، ئەمما عەکس کردنی صەحیح نییە خەطەئە.

لۆیە دەبی فیعلەن ئەمە ئیحساس بکەین ئیسمی الرحمن وە فیعلی الرحیم کو لەناو مەخلوقاتی مەوجودە، فە قەریبترین میثال کەلیمەی رحم باری تەعالا کە کلیمە، (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا)(البقرة ٣١)، جوزئەك لەو ئەسمائەی کە فێرە ئادەمی کردبوو کەلیمەی ڕەحمە، لە حەیاتی ئادەم و حەوا کەلیمەی رەحمی دروست کرد، لۆوەی فیعلەن ئادەم و حەوا کە مومارەسەی ئەو حالەتەیان کرد ئەو شعورەی کە لە داخیلیان مەخلوقە فیطڕەتەن لە ئەثنای مومارەسەکردن ئیحساسی پێ دەکەن، وەکو مەعمەلەك ئەو ئینتاجە بکا کە باری تەعالاش لێیانی طەلەب کرد، ئەمن بە بێنگۆ بەبێ تەمثیلینگۆ نەفسی حالەت لەگەلەنگۆ ئەدا دەکەم، ئەو وەختی ئەوان ئیحساس بە فەڕاغ نەکەن، لە مێشکیان تەصەورەك غەیر حەقیقی و غەیر واقعی دروست نەبی، وەکو بیلا تەشبیهـ کو ئینسانەك لەبۆ مە بەحسی لەندەن بکا، ڕسمەکانی لەندەن شارعەکانی لەندەن هەموو لە پێش چاومان نیشانمان بدا، ئەوە بیگبێندە، ئەوە فلان شارعە، ئەوە فلانە ئەوە فلان جێیە، ئەوانە هەمووی نیشانمان بدا بە ڕسم، پاشان بە تەیارەی هەرمانگری بمانباتە لەندەن، لەوێ کە شارعەکانمان دیت چونکی بە ڕسم دیتیتمان ئیحساسی پێ دەکەین ئۆ والله ڕاست دەکا!، هەها ئەوە سەعاتەکەیە، هەها ئەوە های پارکە، ئەوە فلان جێیە، جێ جێ چونکی موسبەقەن ئەمە بە ڕسم دیتیتمان، لەکنمان غەریب نییە، ئەمما فوجئەتەن

بچینە ناو لەندەن، ئیحتیاجمان بە دەلیلەك دەبێ نیشانمان بدات و فێرمان بکا، ئائەوە مومارەسەی ئەسماء و ئەفعالی خوایە لە ناو مەخلوقاتی، دەبێ ئەمە مومارەسەی بکەین.

بیلا تەشبیە وللە مثل الاعلی، نەفسی حالەت کە لە بەینی ئادەم و حەوا، وە هەموو بەنی ئادەم مەوجودە الی قیام الساعة، وە لەناو جوملەك زۆر لەناو مەخلوقاتی مەفهومی ڕەحم، ڕەحم کردن بەیەکتری مەوجودە، وە ئەو مەفهومە مەخلوقە لە ناو داخیلیان، وەخۆیان لەگەل یەکتری مومارەسە دەکەن، کەینێ ئەو شعورە لەبەینی خۆیان ئیحساسیان پێکرد، مەثەلەن: مندار کە لە داکی بوو ئەو مندارە ئەو دایکە لە باوەشێی دەکا، عیلمەن موسبەقەن تاریخیان لەگەل یەك نییە، داکەکە دەمووچاوی منداری خۆی نەدیتییە، ڕسمی وەرنەگیرایە، لە عەینی وەقت مندالەکە چ عیلاقەکی نەوعی شکلی و هەیئەتی لەگەل داکەکەی نەبووە، فوجئەتەن ئەو مندارە ئەو شکلە لە سکی ئەو داکەی دێتە دەرێ، یەکسەر دایکەکە باوەشی پێ دەکا عیلاقەك نەوعی بەینی مندارەکەو بەینی ئەو دایکەی دروست دەبێ، داکەکە تەحەممولی هەرچی ئەزیەت هەرچی ناخۆشی هەرچی ماندیبوون هەرچی پیسی ئەو مندارەی هەیە هەمووی تەحەممول دەکا، مندالەکەش، من حیث لایدری عن طریقی فیطرە لەڕێی فیطڕەوە، عیلاقەکی موغناطیسی نەوعی هەیە لەگەل داکەکەی.

مەثەلەن: هەر کە هاتە سەر دونیایێ، دەو دەگێری لۆوەی سینگی داکی خۆی بگری، ئەوە هەمووی مەفهومی ڕەحمەکەیە جاذبییەتی موغناطیسییەتی ڕەحمەکەیە، ئەو مندالە شیری ئەو داکەی دەگری، بەبێ ئەوەی خۆی بزانی، بەبێ ئەوەی فێر کرابی، بەبێ ئەوەی مومارەسەی تەمثیلییەی لەسەری کرابی، ئەو حالەتە بەینی داکەکەی لەبۆ مندارەکەی، وە بەینی مندالەکەی لەبۆ داکەکەی، مەفهومی کەلیمەی ڕەحمە، ممارسة تمرینا، بەبێ ئەوەی عیلمەن هۆردووك ئیعداد کرابن لەبۆ ئەو حالەتەی، بەبێ ئەوەی مەثەلەن: مەعهەدیان دیتبی، کولییاتیان دیتبی، لە مەکتەبەکی فێرە ڕەحم بووبن، ئەو حالەتە لە داکەکەی لەبۆ مندالەکەی ئەصلەن مەوجودە، لە مندالەکەش لەبۆ داکەکەی نەفسی شت مەوجودە.

مەثەلەن ئەوەی مندالی هەبووبی یان ئەوەی مولاحەظەی کردبی، مندال عومری دوو ساڵ سێ ساڵ، مەثەلەن: لە مالێ ئەگەر مندالی گچکە هەبی لە پێش چاوی هەر بەگەمە ئەزیەتی داکی بدا، مندالەکە دێ هجوم دەکاتە سەرت دیفاع لە دایکەکەی دەکا، ئائەوە موغناطیسییەتەکەیە، ئەوە جەذبەکەیە، مەثەلەن: بەگەمە دەستی بادە بۆکسی لێدە، چ حەڕەکەکت کرد، مندالەکە ئەو حەڕەکەی لەگەل تو دەکا، ئەوە ڕەد فعلی ڕەحمەکەیە، ئەو موغناطیسییەتە ئەو حالەتە ذەکەر و ئونثای بەیەك ڕەبط کردییە، هەموو ذەکەر و ئونثا هەموو زەوجەین بەیەکەوە لە کەون بەو حالەتەی مەڕبوتە، بەو ڕەحمەی مەڕبوتە، ئەمما هەریەکە وفقی نسبەتی خۆی حەیەوییەت و نضوجی حەیاتی مەخلوقییەتی

ئائەو مەخلوقەی چەند بی ئائەوەندە ڕەحمەکەی پێوە دیارە، هەر لە میکرۆبەوە سەبر سەبر وەرە گەورە تەعقیدکە مەخلوقەکەی، هەتا دەگاتە ئائەو ذاتە کە ناومان نایە ئینسان، لە هەموویان واضحتر لە هەموویان مەکشوفتر ئائەو ذاتەیە کە ئینسانەکەیە ناومان نایە ئینسان، ذەکەر و ئونثای پێوە مەربوتە، ئەو جاذبییەتەیە ئەو ذەکەر و ئونثایەی پێوە ڕەبط دەکا، ئەو جاذبییەتەیە دایك و باب پێوە ڕەبط دەکا، مندال بە دایك ڕەبط دەکا، مندال بە باب ڕەبط دەکا، باب بە مندال ڕەبط دەکا، دایك بە مندال ڕەبط دەکا، ئائەو مەفهومەیە.

لۆیە حەتتا هەر ذاتەکیش لە موطلەقی کوفر بی، هیچ قەناعەتی بە ئوبووەت و بنووەت و ئومومەت نەبی کە مندالی دەبی ئیللا بەخێوی دەکا، چونکی حالەکی فیطرییە لە ناو داخیلی ئەصلەن مەخلوقە، ئیذەن مەفهومی ڕەحمەت مەفهومی ڕەحمانییەت مەفهومی ڕەحیمییەت لە ناو داخیلی ئینسانەکەی مەفطورە، کە مەفطورە ئەو حالەتە لە ناو مەخلوقەکانی خوای دەبینی عەن طەریقی تەجروبە، یەکسەر ئیحساس دەکا فیعلەن دەبی وە حەتمەن دەبی خالیقەك هەبی، نەفسی ئەو حالەتەی لەگەل ئەوی مومارەسە بکا، ئەوە ئوفوقی لەگەل مەخلوقات ئیحساسی پێکرد، خۆی مومارەسەی کرد لە ناو حەیات لە ناو موجتەمەع، لە ناو بەشەرییەت، کە ئیحساسی بەو حالەتەی کرد، ئائەو حەلەقەیە قەطع ببی وجود ذەکەر و ئونثایەتی نامینێ، مندال بەخێو کردن نامینێ، باباتی نامینێ، داکاتی نامینێ، قەطع دەبی ئەوە.

ئیذەن وجود حەیات مومارەسەی حەیات ڕادەوەستی، باشە ئەگەر ئەوە قەطع بوو لەناو مەخلوقات ئەو وجودە حەرەکەو نەشاطی ڕادەوەستی، فە کەیفە ئەوە ئەصلەن لە ناو داخیلی مەخلوقە، باشە کێ ئەو حالەتەی لە ناو داخیلی خەلق کردییە؟ دێ لەوەی دەکۆلْتەوە ئەوجارە، ئیحساس دەکا فیعلەن ئائەو ڕەببەی کە مەخلوقاتی خەلق کردییە، ئەو ڕەببەی کە شەمسی خەلق کردییە، ڕیعایەتی شەمس دەکا، ڕیعایەتی مەخلوقات دەکا دەیان هێنی و دەیان با، گەورەیان دەکا ئینمائیان دەکا، ئەو (رب العالمين)ەیە، ڕەببی ماسییە، ڕەببی هەموو ئائەو جوملە مەخلوقاتانەیە، پێویست ناکا بە تەفاصیل، حەتمەمەن دەبی ڕەببی ویش بی، کە ڕەببی وییە ئەو هەموو عەطفە ئەو هەموو حەنانە، ئەو هەموو شەفەقەیە ئەو هەموو ڕەئفەتە لەگەل ئەو مەخلوقاتانە صەرف دەکا، دەبی لەگەل وی کو بی؟ دەبی لەگەل ئەو ذاتەی کو بی؟، لۆیە ئائەو حالەتەی کە باری تەعالا لە ناو داخیلی ئەو ئینسانەی دروست کردییە بە مەفهومی ڕەحمەت و جاذبییەت لە بەینی خۆیان، ئەصلەن ئائەو عیلاقە عەموودییە لەگەل (رب العالمين)ی مەوجودە، باشە کە مەوجودە لە داخیلی بەنسبەت رب العالمين، دەبی رب العالمين خۆی بەعەینی قەناعەت بە عەینی حالەت وە زیاتریش لەگەل ئەو مەخلوقەی عیلاقەی نەبی؟ لە جەواب بەلێ عیلاقەکەی هەیە، ئائەوەش مەقصودە.

ئیذەن کەلیمەی الرحمن الرحیم ئەوە[مەبەستی لە کەلیمەی ئەوە خوایە]، ئەصلی مەوضوع ئەوە[مەبەستی لە کەلیمەی ئەوە خوایە]، ئەوە ئەو حالەتەی خەلق کردییە لەناو داخیل، ئەوە ئەو حالەتەی ئیجاد کردییە و هەندەسەی لەبۆ دانایە لە ناو داخیل، ئیذەن ئەو ذاتە کە مومارەسەی ئەو حالەی کرد لەناو موجتەمەع و بەشەرییەت و مەخلوقات ئوفوقی ئیحساس دەکا باری تەعالا فیعلەن لەگەڵ وی ئائەو مومارەسەیەی کردییە ئەصلەن، بێ ئەوەی ئەو بە خۆی بزانی، لۆیە کە دێ مومارەسەی الرحمن (الرحیم)ی خوای دەکا (جل جلالە)، بەو مەنطوقە ئیحساس دەکا، عەظەمەتی ئەو رەحمانییەتەی باری تەعالا لەگەڵ ویە، عەظەمەتی رەحیمییەتی خوای (جل جلالە) بە فیعل لەگەڵ وی، لە ئەثنای مومارەسە کردنی ئەو حالەتانە ئیحیائی مەفهومی الرحمن بە ئیسم وە الرحیم بە فیعل لە ناو داخیلی دروست دەبی، بە ئیسم و فیعلی رەحمانی و رەحیمی خوای تەعەللوق دەبی، عیلاقەکی نەوعی بەینی خۆی و بەینی باری تەعالا دروست دەبی، بە مەفهومی الرحمن، الرحیم.

کە دێ مومارەسە دەکا ئەو حالەتە لەناو داخیلی خۆی لەگەڵ باری تەعالا عەکسی ئەو حالەی دەبی لەگەڵ موجتەمەعات و بەشەرییەت، لۆیە ئائەو ریققەتە ئەو نەرمییە ئەو ئیستیقڕاڕە، ئەو هودوئە ئەو تەوازونە نەوعییە کە ئینسانی موئمینی پێ تەقیم دەکرێ پێ تەقیس دەکرێ لەو فیعل و ئیسمەیە، هەرچی ئائەو موئمینە ئینتاجی دەکا ڕەحمەتە، بە مەفهومی کەلیمەی ڕەحمەت، هەرچی ئیصداری دەکا لەبۆ موقابیل، لە ئەقصا ئەعقەد مەخلوق کە ئینسانە، ناومان نا ئینسان، هەتا بەسیطترین مەخلوق هەرچی دەیکا ڕەحمەتە، حەتتا لە ئەثنای مومارەسەی قەتل دەکا، لەگەڵ کابرای کافر ڕەحمەتە قیممەی ڕەحمەتە، قەتل دەکا کابرای کافر دەکوژی ڕەحم پێ کردنیتی لۆ؟ چونکی لە مەفهومی الرحمن الرحیم مومارەسەی کردییە ئەو ئیسم و فیعلە لە داخیلی دروست بووە، باری تەعالا کیانەکی لەو ذاتەی دروست دەکا، هەرچی هەیە لە وجودی بە ڕەحمەت تەعامولی لەگەڵ بکا، نەفسی وەقت ئائەو مەبدەئەی کە ئینتاجی کردییە لەسەری ئەو مەبدەئەی کە ئەو ذاتەی لەسەر دروست بووە ئەویش هەر ڕەحمەتە کە ڕیسالەکەیە.

لۆیە کە تەماشا دەکەی یەکەمین مومەثیل، یەکەمین ماددەی موجەسسەم، کە فیعلەن تانیبی ئەو رەحمانییەتە وە ئەو رەحیمییەتەی خوای (جل جلالە) لە ناو داخیلی کە فیطرە مەوجودە ئیحیای کا، وە مومارەسەی کا، وە تەحویلی کا لەبۆ واقیع بە فیعل، ناوی بە عەمەل پاش ئەوەی ئیمان بە الرحمن الرحیم دەینی، عەمەلەکەی ئینتاجی چییە؟ ڕەحمە، رب العالمین ناوی لێ دەنێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)(الأنبیاء١٠٧)، ئەوە نموذەجی یەکەمە هەرچی نەماذجی غەیری وییە نەفسی قیاس نەفسی معیار دروست دەبن، ئەوانیش فیعلەن هەموو دەبنە رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ، لەبۆ هەموو بەشەرییەت لە هەموو جیلەك ئەوەی ئینتاج دەکەن مەعمەل و مەصنەعی ئەو حالەتەنە.

لۆیه ئەگەر هاتوو تاریخی صەفەحاتی ئیسلامی پەرپەر هەلبدەی، ذیکرەیاتی جیلی صەحابەی کیرام، رضوان الله علیهم والشهداء والصالحین، لۆ ئوممەتی خۆمان موتابەعه بکەین، فیعلەن ئیحساس بەوەی دەکەین تەجسیدی تەجسیمی مەفهومی ئیسم و فیعلی الرحمن الرحیم له ذاتیان و مومارەسەکردنیان لەبۆ ئەو حالەتەی، فه ئەوه صیغەی دروستکردنی ئەو حالەتەی له داخیلی ئینسان.

طەبعەن ئەوه مەمارەسەی دەویٚ، وەکو گوتم تەسبیح تقەتق پێکردن نییه، حیفظشی نییه له ذهن، چونکی لەمه موحتەمەله به مێشکتر هەبی، ئیمکانییەتی ئیستیعاب و ئیمتیصاصی زیاتری هەبی ذهنەن، دەتانین وەکو کۆمپیوتەر له مێشکمان زۆر لەو ئیسم و فیعلانه طەبع کەین، ئەمما موهیم ئەوەیه تەنزیل بکریٚ......، فیعلەن ئەو حالەته له واقیع ئینتاج دەبی، دەبته مومارەسەك فیعلی، بەبیٚ ئەوەی ذاتەکه خۆی ماندی بکا، بەبیٚ ئەوەی ئیحتیاجی به تەفەنون و دیبلۆماسییەت هەبی، ئیحتیاج به تەکەلوف هەبی، خۆی ئوتوماتیکییەن دێته وجود، ئەو مومارەسەیه فیعلەن جوهدو زەمەنی دەویٚ، ماندیبوونی دەویٚ.

بێینه سەر تەقاسیمی کەلیمەی رحیم، وەکو گوتمان: کەلیمەی رەحمان موفرەده له قورئان هەمووی بەس مضاف مضاف الیه، له کەلیمەی رەحیمه، الرحمن الرحیم، ئەمما کەلیمەی رەحیم به موفرەد نەهاتییه، به تەنیٚ نەهاتییه، هەمووی به مضاف و مضاف الیه هاتییه، وەکو گوتمان: الرحمن الرحیم، تواب الرحیم، رؤوف الرحیم، عەدەدەکانیشمان بەحس کرد.

بابێین بزانین لۆ (تواب الرحیم)ه؟ چونکی گوتمان: هەر کەلیمەك باری تەعالا ئەگەر مەقصودی نەبووبی له قورئان داینەبەزاندییه، که مەقصودیشیتی وفقی جیهازی داخیلی ئینسانەکان دایبەزاندییه، ئەوەی خەلق کردییه ئەوەشی ئەوها دابەزاندییه لەگەر ماددەی مونەزەل، لەگەل خەلق پێکەوه تەعامول بکا، زیادی و کەمی دروست نەکا، فه کەلیمەی تواب الرحیم گوتمان: نۆ جار هاتییه، رؤوف الرحیم نۆ جار هاتییه، عزیز الرحیم سیٚ جار هاتییه، یەعنی داخیلی مه به سیٚ کەم به سیٚ حەجم موحتاجه، له عزیز الرحیم زیادکردنی ئەو حالەتەی له داخیل لەسەر حیسابی ئیسم و فیعلەکیتکەی خوایه، له ئەثنای مومارەسەکردن خەلەلەك دروست دەکا ئەوه.

مەثەلەن: غفور الرحیم چل و یەك جار هاتییه، فیعلەن دەبی چل و یەك جار چل و یەك کەمییه وەحده، یەعنی بیلا تەشبیهـ ئەگەر ئائەو وەحداتانه که له قورئان ذکر کرایه به کیلۆ یان به مەتر موقایەسه بکەین، بلێین: ئائەوەنده کیلۆیه یان ئەوەنده مەتره موقایەسه بکریٚ، ناوی وەحدەك موعەییەن داخیلی ئینسان ئیحتیاجی به شەش ویحده هەیه، له رحمن الرحیم، به نۆ ویحده هەیه، له تواب الرحیم، یەعنی بیلا تەشبیهـ ئەگەر ویحدەکەی بلێین کیلۆ یان مەتر، ئەمما به چل و یەك ویحده

کیلۆ یا مەتر ئیحتیاجی هەیە بە غفور الرحیم، چل و یەك جار ویحده بە غفور الرحیم ئیحتیاجی هەیە، واضحە؟

پرسار: ئەسماء و ئەفعال کو وەردەگیریت؟ (وەڵام): جەنابت لێرە نەبووی وەختی خۆی میثالمان هینایە ئەمە، گوتمان: بیلا تەشبیهـ، ئەمە وەکو نەخۆشەك بین، چووینە خزمەت دختۆر، دختۆر تەشخیصی نەخۆشی مەی کرد دەرمانی دانا، دەرمانەکە گوتمان: حەبە حەبەکەی دانا لە ناو قۆدییە، ئەوە (٣٠) قلە حەبە بە دە ڕۆژان دەیخۆی، ڕۆژێ سێ حەب جەمێ حەبەك، گوتمان: ئەگەر کابرا قۆدییەکەی بردە مالێ، بەرداغە ئاویشی دانا، هەر (٣٠) حەبی بە یەك جەم قووتدا، ئەو حەبەی کە دختۆر لۆی دانابوو بە عیلاج لۆی نابیتە ماددەی سەم؟ مەجبور بیبەنە طەواریء غەسل مەعیدەی لۆ بکەن، لۆ؟ چونکی ئەو کەممییەی کە دختۆر داینابوو، ئەو زیاتری وەرگرت، نەفسی ئەو ماددەیەی کە عیلاجە لەبۆی بووە زەهرو زەرەر لەبۆی، دەبی غەسل مەعیدەی بکرێ ئەوە کەممیە.

زەمان دختۆر گۆتیتی جەمێ حەبەك ئەو بەینی شەش جەمان حەبەکی خوارد، ئیستیفادەی لێ دەکا؟ ئیستیفادەی لێ ناکا، لۆیە ئەو حەجمەی کە باری تەعالا ئەو ئیسم و فیعلانە، ئایا بەتەنێ یان بە مورەکەب دایبەزاندییە، بەو نەوعەی دەبی ئەمە ئیستیفادەی لێ بکەین، بەو کەممیەتەی دەبێ ئیستیفادەی لێ بکەین، جیهازی داخیلمان ئەو خۆی موهەندیسە، خۆی خالیقە لەبۆی، خۆی دەزانی کوی خەلق کردییە، خۆشی دەزانی کوی دادەبەزینی مەوضوع لەسەری، لۆیە لەبەینی جیلی صەحابەی کیرام رضوان الله علیهم، هیچ قەضیەی ئەسماء و ئەفعال موشکیلەی نەبوو، چونکی لەبۆ تەعەبود وەردەگیرا، کە دەهاتە خوارێ (وَلِلّٰهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى)(الأعراف ١٨٠) تەکمیلەیان دەکرد (فَادْعُوهُ بِهَا)، نەك بچی کەلیمەی عەزیز لە چییەوە هاتییە کو هاتییە، ئەوجە ئەوەی تەوظیف کەین لەسەر باری تەعالا، عیزەتەکە موقایەسە بکەین بە بەشەر، بەشەر عەزیز بی ئەوها فەخفەخەو فلان و فلانی لەبۆ دروست دەبی، ئیذەن هی باری تەعالاش والیعاذ بالله ئەوها و ئەوهایە، ئەوە حالەتەکە مەقلوبییە، باری تەعالا خۆی لە ناو مەخلوقاتی ئەو حالەتەی دروست کردییە، مومارەسەی ئەو حالەتە بەو کەممەی بەو حەجمەی کە باری تەعالا داینایە، فیعلەن ئیسم و فیعلەکە لە ناو داخیل کە ئەصلەن مەعانی و مەفاهیمی مەخلوقە، تەزکیە دەکا و دەردەچی.

لۆیە گوتمان: کەلیمەی رەحیم لە قورئان بەتەنێ نەهاتییە، کە دەفەرمی: الرحمن الرحیم، یەعنی مەقصودی (الرحمن الرحیم)ە کە نەهاتییە الرحیم بەتەنێ، ئیذەن الرحیم بە تەنێ مومارەسە ناکرێ لە داخیل رحمن الرحیم پێکەوە مومارەسە دەکرێ، تواب الرحیم پێکەوە مومارەسە دەکرێ، رؤوف الرحیم پێکەوە مومارەسە دەکرێ، چ خەلەلەك لەوەی فەصل کردنی رؤوف لە رحیم خەلەل دروست دەکا لە داخیل، لۆیە ضرورییە ئائەو ئیسم و فیعلانە لەناو مەخلوقات کەشف بکرێ، کە کەشف کرا

به دیقەت قیرائەی لەسەر بکرێ، کەینێ قیرائەی لەسەر کرا ئەوجە ئەوە تەحویل دەبی لەبۆ داخیل، باری تەعالا عەن طەریقی وەی عیبادەت دەکرێ.

مەثەلەن: گوتمان غفور الرحیم لە ماددەی غفور نازانم لەبیرتان مایە؟ گوتمان: کەلیمەی غەفور باری تەعالا لەبۆ ستری فەرمووە، ستر نەك سڕینەوە نەك مەحو، مەحو نییە ستر کردنە، باشە لۆ ستری دەکا؟ لەبۆوەی فیعلەن مەجالەك دابنێ شانسەك لەبۆ موقابیل دابنێ، ئەو موقابیلە بتانی بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی موقابیل سەقەطاتی زۆر دەبی، لۆیە چل و یەك جار غفور الرحیم هاتییە، ئەمما کەینێ تواب هاتییە؟ تواب الرحیم نۆ جار، لۆ؟ تواب الرحیم، کابرا دەبی کە ئیحساسی پێ کرد ئائەوە فیعلەن مونکەڕە دەبی قەلع کا، دەبی قەطع کا، لۆیە گوتمان: کەلیمەی غەفوری لەبۆ مەئموڕات هاتییە، کەلیمەی تەووابی لەبۆ مەنهییات هاتییە، باری تەعالا لە چ غەفوری دەکا لەو تەقصیڕەی کە کابرا کردیتی لە ئەثنای عیبادەت کردن، ئەوە مەفهومی غەفورییە، نەك لە گوناهـ استغفر الله، لە گوناهـ ئیستیغفار بکا، گوناهـ ئیستیغفاری پێ ناوێ، لەناو قورئان لەبۆ گۆناهـ ئیستغفار نەهاتییە، لەبۆ تەقصیر ئیستغفار هاتییە.

یەعنی مەثەلەن: بیلا تەشبیهـ باری تەعالا داینایە ئەو ذاتە لە نوێژ سەد وەربگری، سەد دەرەجە، نەوەد و نۆ لە کن خوای قەبول نییە، باشە ئەو ذاتە حەفتای وەرگرت، باری تەعالا ئائەو سی دەرەجەیەی کە دەیگەینیتە سەدی ستر دەکا، لۆوەی فیعلەن ئەو ذاتە مومارەسە بکا، بگاتە مستەوای سەدی، ئەوە مەفهومی کەلیمەی غفورە غفور الرحیم.

ئەمما تواب نەخێر تواب لەبۆ مەنهییاتە، کە باری تەعالا لە قورئان فەرموویتی: لاتفعل، کە فەرمووی لاتفعل ئەو ذاتە دەبی یەکسەر برێ لاتفعل لاتفعل تەواو نایکەم، کەلیمەی تەووابی لەبۆ قەلعە لەبۆ ئینتیها هاتنە بە تەواوی، ئەمما کەلیمەی غفوری تەدەڕوجە لە عیبادەت کردن، لەبۆ گەیشتنە مستەوای ئیرادەی خوای (جل جلالە)، لۆیە ئەو ذاتە کە هاتە ناو ئیسلام لە مەنهیات دەبی قەطع کا، درۆنییە، زینا نییە، غەیبەت نییە نابی ببی، چەند جار مەجالی هەیە لەبۆ بوون؟ نۆ جار، ماتەبەقا تۆبەی لێ قەبول ناکرێ، تەوبە قەطع دەبی، ئەمما چل و یەك جار مەجالی هەیە لەبۆ غفوران (غفور الرحیم)ی، لۆ؟ چونکی ئائەو ذاتە لەبەر جوملەك ئوموڕ و ئەسباب باری تەعالا مەجالی دەداتی، لەناو واقیع بتانی خۆی بلند کا لەبۆ ئەو مستەوایەی کە باری تەعالا داینایە، ئەویش چییە؟ کە نوێژەکەی ئەدا بکا سەدا سەد وفقی ئیرادەی خوای، ئەمما ئەگەر نەوەد بی قبول نییە، چ دەکا باری تەعالا لێرە دە دەرەجەی لەبۆ ئیضافە دەکا، ئەو دە دەرەجەیە نەقصە، دە دەرەجەکە نەقصە باری تەعالا لۆی پڕ دەکا نەقصەکەی بە چ پڕ دەکا؟ بە ستر کردن بە داپۆشتن، نازانم واضحە یان نا؟ ئەوە وەختی خۆی لە مەفهومی کەلیمەی غەفوری بەحسمان کردییە بە تەفصیلی.

مەثەلەن: کەلیمەی البر یەك جار هاتیە لە قورئان، البر الرحیم، کەلیمەی ودود یەك جار هاتییە، چونکی ئەو ذاتە هەر یەك جار ئیحتیاجی بە کەلیمەی البر الرحیم هەیە، یەك جار ئیحتیاجی بە کەلیمەی ودود الرحیم هەیە، ئەمما چل و یەك جار ئیحتیاجی بە غفور الرحیم هەیە، سێ جار ئیحتیاجی بە عزیز الرحیم هەیە، سێ جار، لۆ؟ چونکی عیززەتەکە مەربوطە بە ذاتی خوای (جل جلالە)، یەعنی کەلیمەی عیززەتەکە لە باری تەعالاوە ئەو سەحبی دەکا، لله العزة و لرسولە ئەوجە پاشان للمؤمنین، ئەو عززەتە هی باری تەعالایە (جل جلالە)، ئەو وەختی ئیحساسی پێ دەکا ئەو، ئەوە بە موختەصەری مەفهومی کەلیمەی الرحمن، الرحیم، وە چۆنییەتی مومارەسە کردنی لە داخیل، وە مەدلولی قورئانی وە پاشی مومارەسە چ حالەتەك دروست دەبی، وە کو عیبادەتیشی پێ دەکرێ ئەوە ئەو.

ئەوە شەشەمین جارە تیکراری ئەو وەصیەی دەکەم، دیسان رجایەکەی تیکرار دەکەم، بەعضەك برا خودا ئەجریان بنووسی، لە حوسنی ظەنی خۆیان، ماددەی مەطروح لێرە پێش ئەوەی ئیمتیصاص بکرێ، پێش ئەوەی هەضم بکرێ بە تەواوی، نەقلیان کردییە لەبۆ مەجموعە طەلەبەکانی خۆیان، لە بەعضە مزگەفتی هەولێرێ، فە بەعضە حالەتی شذوذ دروست بووە، کە دین تەحەمولی ناکاو تەقەبولی ناکا، فە لۆیە تیکراری طەلەب دەکەم، رجا دەکەم ئەو ماددەیە هەتا هەضم نەکرێ ئیمتیصاص نەکرێ ئەو ذاتە هەر لێرە دەرنەچی چەند پێی دەکرێ لە سوئال و لە جەواب پێی بکرێ ئەمە لە خزمەتین، لێرە نا لە جێی دی، با تەعینی زەمان و مەکان بکا، پاشان ئەگەر هات ئیمتیصاصیشی کرد، مەقصود لێرە ئەو ماددەیە ئەو مەوطروحە لەبۆ تەعەبودە، لەبۆ ذاتی خۆی فەقەط بەس، ئەوە نەکرێتە ماددەك لەبۆ ئیلقاء لە بەعضە مزگەفتی غەیری ئێرە، ئەوەی گێم لێ بووە لە ناو مەجموعە طەلەبەك لە مستەوای عومر و مەقامی عیلمی کەم، ئەو مەوضوعانە طەرح بووە، ئیشکالاتی دروست کردییە، فە رەجائەن ئەو ماددەیە ماددەی ئائەو مەوجودانەیە کە لێرەنە، وەقفە لەسەر ئەوانە فەقەط، ئەو ماددەیە نەقل نەکرێ لەبۆ خارجی ئەو مزگەفتەی.

سێیەم: کە دەلێم لەبۆ تەعەبودە، دەبی مومارەسەی لەسەر بکرێ چونکی ئەمە موتەفیقین لەگەل یەکتری ئەصلەن، ئەمە موجامەلە لەگەل یەکتری نەکەین باشە، لەسەر ئەوەی ئیتیفاقمان نەکردییە و جەمع نەبووینە، ذهنمان پرکەین مێشکمان کۆمپیوتەر نییە، ئەوەش مەطلوبمان نەبووە، وە ئیرادەی خواش لە مە ئەوە نییە، مەطلوب لەمە ئەوەیە کە فیعلەن معرفة الله حەقیقەتەن دروست ببی، ئەوجە پاشان بتانین عیبادەتی بکەین فەقەط، ئەوە هەدەفی ئەو دەرسانەیە بەس، خوانەکا ئیتیجاهـ دروست کردن خەط و حیزب فیکر و شت دروست کردن، ئەوە خصوصییەتی ئێرە نییە، وە ئەوماددانەی کە لێرە طەرح دەکرێ تەمثیلی چ فیکرەك ناکا، تەمثیلی چ ئیتیجاهەك ناکا، ئەوەی کە لێرە طەرح

دەکرێ عیلاقەی بە چ حیزبەکی ئیسلامی نییە، عیلاقەی بە چ ئیتیجاهەکی ئیسلامی نییە، فیکرەکە موستەقیل طەرح دەکرێ، ئەوەی ئیشکالاتی هەیە لە مەوضوع دەکرێ لەگەڵ مەوجود موناقەشە بکا، فە ئەوەش ئیضافە بکەین ئائەو مەطروحاتانە لێرە تەمثیلی چ ئیتیجاهات و حیزبەکی ناکا، موجەرد قەضییەك طەرحەك دینی صرفە، طەرحەك ئیمانی صرفە فەقەط، مەطروحاتی ئێرە عیلاقەی بە طەرحی ئەحزاب و تەکەتولاتی و ئیتیجاهاتی ئیسلامی نییە بە هەمووی کوشن، کولی ما موجود و مەطروح لە ساحە، فە إن شاءالله حەزم لێیە لە مستەوای ئائەو تەوصیاتانە تەعامول لەگەڵ دەرسەکە بکرێ، خودا خۆی ڕەشیدە، خۆی وەههابە خۆی وەکیلە ئەسباب و موسەببیاتی هیدایەتما لەبۆ تەسخیر کا، وە دەفعیشمان کا إن شاءالله لەبۆ هیدایەتی تام، أقول قولي هذا واستغفر الله لي ولكم، سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين.

کێ سوئال، تەوصییە، نەصیحەت، تەنویر، تەعلیق، شەرح، خودا خێری بنووسی، ئەو برایە سوئالی ئەوەیە دەڵێ: ئەگەر تەقصیر لە عیبادەت یان زیاتر بە ذەنب نەژمێردرێ، بۆچی خوای گەورە لە سورەتی فەتح دەفەرمی بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ)(الفتح ٢)، ئەگەر ئەزیەت نەبی روونی کەیتەوە، بارك الله، لە خزمەتم: سورەتی فەتح کەینێ هاتتە خوارێ؟ لە ئەثنای فەتح مەعلومتانە، ئەوە یەك، دووەم: تەوەقوع دەکەن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گوناه بکا، هەر بەتەوەقوعی بەشەری خۆمان تەوەقوع دەکەن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گوناه بکا؟ یەك لەوان تەوەقوع ناکەم وەیە یان نا؟ چاکە، ئەدی لۆ مەفهومی ذەنب هاتییە لێرە؟ مەفهومی ذەنب بە نیسبەت پێغەمبەری کوە؟ حەتتا جوملە عیتاباتیش هەیە لە قورئان خودا ئەجری موفەسرین بنووسی بە نەوعەك موعەییەن لێکیان دایتەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە دوو بوعد تەمەشا دەکرێ لە قورئان، یەکەمین بوعدی شەخصی کە ذاتە، بوعدی ریسالی کە شەخصە، بە دوو بوعد تەمەشای پێغەمبەر دەکرێ، کە ذات هەرچی ئایەت لە قورئان هاتبی بە أيها النبي، ئەوە حەقی پێغەمبەرە لەسەر مە، هەرچی کەلیمەی الرسول هاتبی حەقی مەیە لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، بوعدی ذاتی هەیە بوعدی شەخصی هەیە، کە دەفەرمووێ: يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ، ئەوە حەقی پێغەمبەرە لەسەرە مە.

مەثەلەن: یەك لەو حقوقانە نابی ئەمە بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بڵێین أزواج النبي، چونکی رب العالمين ئەمر بە مە دەکا(وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ)(ألاحزاب٦)، ئیذەن کە ئەمە ناوی حەزرەتی عائیشەی دەینین، رضي الله عنها، دەڵێین: ئوممی عائیشە، چونکی مەعقول نییە ئەمن بە داکم بڵێم خێزانی بابم، عورفەن عورفەن لە ناو موجتەمەع، مەعقولە ئەو قسەیە؟ بە داکی خۆم بڵێم خێزانی فلانی، ئەدەبەن بەداکی خۆم جوان نەبی، ئەگەر ئەدەبەن لۆ داکی خۆم جوان نەبی فە کەیفە لەبۆ

پێغەمبەر، ئەوە لە کەلیمەی یأیها النبي، ئەو حەقەی وەردەگری فە جوملەك ئیعتیبارات هەیە لە ناو قورئان بە نیسبەت ذاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، حەتتا موفەسرین ڕەحمەتی خوایان لێ بی تووشی ئیشکال بووینە، یەك لەوانە موعاتەبەعەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، موعاتەبەعەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، لە قورئان لە ضمنی ئائەو مەجموعانەیە لە کەلیمەی ذەنبی لەبۆ هاتییە، باری تەعالا لائیحەی داخیلی هەیە، هەموو مۆظەفەك هەموو وەظیفەك لائیحەی داخیلی خۆی هەیە.

مەثەلەن: وەزارەتی داخیلییە لائیحەی داخیلی خۆی هەیە، کابرای مفەوەض حقوقی ئەوەندەیە، وە واجیباتی ئەوەندەیە، کابرای شوڕطی حقوقی ئەوەندەیە و واجیباتی ئەوەندەیە، وەزارەتی شئونی ئیجتیماعی لائیحەی داخیلی خۆی هەیە، وەزیر ئەو حقوقانەی هەیە، وە ئەو واجیباتانەش هەیە، ئەوە لە ناو قورئان لائیحە لائیحە لەبۆ جوملەی ڕەسول و ئەنبیاء مەوجودە، فە یەك لەو قەوسانەی کە لەبۆ ذاتی پێغەمبەر کرایتەوە لە ناو لائیحە مەفهومی عیتابە بە نیسبەت پێغەمبەر، بیلا تەشبیهـ میثالەك دەبینین کە کو باری تەعالا عیتاب لە پێغەمبەر دەکا، عیتابی باری تەعالا لە پێغەمبەر، لەگەل عیتابی باری تەعالا لەگەل ئەنبیائیتکە فەرقی هەیە، بیلا تەشبیە بابەك دوو کوڕی هەبی هۆردووك صەفی شەش بن شەشی ئەعدادی، وە هۆردووك ئیمتیحانیان هەیە بەکەلۆری، مەصیریان لەسەر ئائەو چەند مانگەی مایە، سبەی دووسبەی ئیمتیحانەو دەرەجەیان تەحدیدی مەصیریان دەکا، یان دەبنە مودەڕیس یان دەبنە دکتۆر موحتەمەلیشە بە فەڕاشیش وەرنەگیرێن.

فە ئەو کابرایە دوو کوڕی هەیە، کوڕەکی بیست سەعات دەخینی، ئەمما چار سەعات ئیسڕاحەت دەکا، کوڕەکیشیان بەس چار سەعات دەخینی بیست سەعات خەریکی خۆیتی، گوتمان: کابرا دوو کوڕی هەیە، هۆردوکیان صەفی شەشن شەشی ئەعدادی، چەند مانگەکیان مایە ئیمتیحان بکەن، یەکەکیان زیرەکە موهتەمە بیست سەعات دەخینی چارسەعات ئیصڕاحە دەکا، دووەمیان بەس چار سەعات دەخینی بیست سەعات خەریکی خۆیتی، بابەکە کە دێ ڕوو لە هۆردووکان دەکا، بەیەکەمەکەی بە زیرەکەکەی کە چار سەعات بەس ئیصڕاحەت دەکا، دەلێ: کوڕم عەزیزی من ئەتو خۆت فەوتاند، خۆت کوشت ئەوە ئینتیحار دەکەی، کوڕە تەمەشای خۆت بکە تەمەشای نەینۆکی بکە بزانە چت لێهاتییە؟ ڕەحمەك بە خۆت بکە دەمری دەفەوتێی ئاخر شەر وانیە؟ وەی پێ دەلێ، بە ئی دووەم چ دەلێ؟ ئەی سندانت لێدا ئەرێ والله، ئەوە توخوا صەفی شەشاتییە، ئەوە خیندنە، مەعقولە ئەتو ئەوها بکەی موستەقبەل و مەصیرت لەسەر دوو مانگان ڕاوەستایە، هۆردووکان عیتابە یان نا؟ عیتابە هۆردووك، ئەمما ئەوە عیتابەك تەرەحوممییە بە لوطف عیتاب دەکا، چونکی جەرگیتی دەلێ

ئەو حالە بەونەوعەی بی موحتەمەلە بمری بفەوتێ، ئەمما ئەویتکە نەخێر، بیداتە بەر دارانیش گێی لێنییە وەنییە؟ هۆردووکیش عیتابە، ولله المثل الاعلى.
باری تەعالا کو قسان دەکا لەگەل پێغەمبەری (صلى الله علیه وسلم)، (عَفَا اللّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ)(التوبة ٤٣)، هەی خوا عەفوت کا، کو بیلا تەشبیهـ ئەتو بە زەلامەکی دەلێی: کاکە ئائەو پێنج فەردەیە بیست کیلۆ بیست کیلۆیە پێکەوە ئەمن و ئەتو نەقل دەکەینە ئەودیوی، لێرە هەلیاندەگرین دەیبەینە ئەودیوی، هەر جارەی بیست کیلۆی هەلدەگرین، کابرا ئەتوی زۆر خۆش بوێ یەکسەر بچی پر داتە دوو کیسەی بیباتە ئەودیوی، کە ئەتوو دەیبینی هەی خوا عەفوت بکا ئەرێ والله، لۆ خۆت دەکوژی، وەی پێ دەلێی یان نا؟ بیلا تەشبیهـ نەفسی ئسلوبە (عَفَا اللّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ)نەفسی ئسلوب لە چەند جێیان رب العالمین بە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)، دەفەرمی: (فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفاً)(الكهف ٦)، (بَاخِعٌ نَّفْسَكَ)، یەعنی ئینتیحار دەکەی، ئەگەر وەها بروا یامحمد، ئەتوو دیارە بەتەمای ئینتیحاری، ئەوها خۆت دەفەوتێنی، ئەوها هیلاك بووی، ئەوە ئسلوبی عیتابە باری تەعالا لە رسول الله محمد (صلى الله علیه وسلم)، غەیری عیتابەکانیتکەیە لە ئەنبیاء و رسولی دی، عیلاقەمان بە واندا نییە.
لە کەلیمەی ذەنب نەفسی ئسلوبە چ دەفەرمی: (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً)(الفتح ١)، بزانە چەند کەلیماتی چەند نەرم و خۆش (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً)، لۆ؟ (لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ) (الفتح ٢)، پاشان (وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطاً مُّسْتَقِيماً) الی آخر آیة، یەعنی چ؟ پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لێی طەلەب کرایە لەو موهیممەیەی، لە موهیممەی تەبلیغ مەثەلەن: لە موهیممەی تەبیین لە موهیممەی ریسالە، لە موهیممەی تەنذیر تەبشیر شەهادەت ئەوانە هەمووی مەفهومی ڕیسالەتە سەد دەرەجە تەقدیم بکا، پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئەو چ دەکا سەد و دەی تەقدیم دەکا، سەد و دە تەقدیم کردن بە نسبەت پێغەمبەری ذەنبە، ئەو دە دەرەجەیەی کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) زیادی دانایە زیادی کردییە ئەوە ذەنبە، باری تەعالا لەوەی موعاتەبەی دەکا، ئەمە خۆمان لۆت فەتح دەکەین، (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً، لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ).
تەمەشای سوڕەتی نەصر بکەن (إِذَا جَاء نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ)(النصر ١)، خەتەك لەبن وَالْفَتْحُ ورأيت، نالێ موئمنین دیقەت دەنێ (وَرَأَيْتَ النَّاسَ)(النصر ٢) نالێ موئمنین، یدخلون نالێ امنو (يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً)، کأنە دین حەلەقەکە أفواجا، پۆل پۆل (فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّاباً)، واضحە؟ ئا ئەلێرە ئیستیغفار دەکا، چونکی لۆ؟ پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)، هێشتا تەبیین و تەبلیغ نەگەیاندبووە ئەو حەددەی، عالەم ناس نالێ موئمنین، ناس پۆل پۆل هاتنە ناو دین.

ئیذەن ئەثەری پێغەمبەر فاعلییەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، جاریّ کابرا ئیمانی نەهێنایە هاتتە ناو دین، (وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ)، جاریّ ئیمانیان نەهێنایە (فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً)چ دەکەی ئەتوو؟ (فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّاباً)(النصر ٣)، ئەوە مەفهومی کەلیمەی ذەنبە (لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ)، باشە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەبی گوناهی کردبی نەی کردییە، ئائەوە مەفهومی ذەنبە لە قورئان، بەنیسبەت پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم)، ئەمما بەنیسبەت جەمعی موئمنین تەقصیرە نەك گوناهە، تەقصیر کردنە لە ئەدای عیبادات، لە ئەدای ئەمری کردییە باری تەعالا ئیفعەل، لەوانە تەقصیر کردنە، طەبعەن دەرس تەواو بووە ئەوەی دەروا خوا حافیزی بی.

بەلێ ئەوە دەفەرمی: لە سوئالەکەی سێ جار عزيز الرحيم هاتییە، چل و یەك جار غفور الرحيم هاتییە، ئایە ئێمە بە پێی ژمارەی هاتنی قەولەکە مومارەسە و قیرائە بکەین؟ بەلێ تازە گوتمان: بە مەکشوفی بیلا تەشبیهـ چل و یەك ویحدە، چل و یەك حەب مەطلوبە لەمە ئەمە بیخۆین قوتی بدەین، لە مەفهومی غفور الرحيم لۆوەی فیعلەن کەلیمەی غفور الرحيم لەناو داخیلمان دروست ببی، ئەمما سێ حەب بیلا تەشبیهـ ئەوها بیشوبهێنین لە کەلیمەی عزيز رحيم هاتییە، ئیحتیاجمان بەس بەو سێیەیە، ئەمما ئیحتیاجمان بە چل و یەك حەب لە مەفهومی کەلیمەی (غفور الرحيم)ە.

بەلێ حەزم لێیە دیسان ئەوەی ئەو سوئالەی کردییە هەر لە خزمەتی بم، بەریّ ئەوە ئەو سوئالە ساحێبەکەی ئەوەی گیروگرفتی هەیە، واتە ماشاکیلەکی هەیە، دەتوانێ خزمەتکارتان لە مەکتەبەی رەسەن شاگردم، لەویّ ان شاءالله کەینێ هات لە خزمەتی دەبم، صاحیبی ئەو سوئالەی.

سوئالی وەی: هناك آية قرآنية ذكر بأن قسم من المسلمين آمنوا، کەلیمە خەتەك لەبن کەلیمەی قسم من المسلمين، ثم كفروا، (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْراً)(النساء ١٣٧) ثلاثة مرات، التوبە، بەلێ (واولئك لن تقبل توبتهم)، بعد ثلاثة مرات في القرآن؟ برای عەزیزم: ئائەو ئیمان هینانە ئیمان هینانەکی ئەهلی کیتابییە، باری تەعالا (جل جلاله) پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) کە ناردییە میراتەکی ضەخم لە ئەهلی کیتاب لەبۆ پێغەمبەری مابوو، هەرچی صابیئە هەبوو مابوون، یەهود لە زەمانی پێغەمبەر لە مەککە وە لە مەدینە جالیەکی ضەخمیان هەبوو، مەسیحیین جالیەکی لە وان گەورەتریان هەبوو لە مەککە و لە مەدینە، ئائەتەش پەرستەکان جالییاتیان هەبوو لەناو مەککە، ئەوانە هەمووی دەژیان لەناو مەککە، ریسالەی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) هەتا شەخصییەتی پێغەمبەریش کە رسول دەبی فیعلەن ئیقتیداری ئەوەی هەبی بتانی ئیشباعی ئەوانە هەموو بکا، فە کابرای ئەهلی کیتاب لۆیە ئەهلی کیتابە ئیمانی بە موسای هینایە، لەیەك زەمان پاشان کوفری پێکرد، کە پێغەمبەر مەوجودە جەوابەکە سوئالی ئائەو شەخصەیە، پاشان، بأي شيء من الاشياء، بأی سبب

من الاسباب، ئیمانی هینا به حەزرەتی عیسا به کیتابی حەزرەتی عیسای موحەڕەف بووه مەسیحی، ئەمما فەترەك موعەییەن دیسان وازی هینا، ئیمانەکه ئائەو ئیمانەی نەك مومارەسه بکاو چونکی ئیمانی ئەهلی کیتاب له ناو قورئان باری تەعالا به ئەهلی کیتاب ناویانی هینایه، مومارەسەی ئیمانیی وان لەگەل مومارەسەی ئیمانی مه موختەلیفه، لۆیەش باری تەعالا ئیلغای ئەو حاله ئیمانییه دەکا، ئیقرارِ به حالەی ئیمانی مه دەکا، ئیمان هینانی مه مەعه، وجودی ئیمانی وانیش کوفرِه، عیلمەن ئەهلی کیتاب ئیلغای وجودی خوای ناکەن، ئیلغای رِەزاقییەت و ئیحیاء و ئیماتەی خوای ناکەن، ئیلغای ئەوەی ناکەن باری تەعالا باران نابارێنی، ئەمما له عەینی وەختیش کوفرِه.

ئیذەن مومارەسه نەکردنی حالەی ئیمانی بەو طەریقەیەی بەو کەیفیەی که پێغەمبەر ئیمانی هینا، وەجوملەی صەحابەی کیرام ئیمانیا هینا، به غەیری ئەو طەریقه به غەیری ئەو نەوعه باری تەعالا له قورئان خەتمو مۆری ئیمانی پێوه نەنایه، واضحه؟ لۆیه ئەهلی کیتاب مەثەلەن: هەر زەمانی پێغەمبەر موحتەمەله مەوجود ببی کابرا، ئیمانی هینایه به حەزرەتی موسا، که تەورات موحەڕەف، پاشان دیتیتی ئینجیل لەوی موتەطەورتره هاتییه ئیمانی به ئینجیلیش هینایه، طەبعەن که ئیمانی بەوی هینا کوفری بەوی کرد، هاته ناو ئینجیل ئینجیلی موحەڕەف هەر قەناعەتی نەهاتییه، طەبعەن صەحابیمان هەیه ئەوها.

صەحابی هەیه، ئەبو سەلەمه مێردی ئوم سەلەم که پاشان پێغەمبەر خواستی، ئەثنای هیجرەت له حەبەشه بووه صەحابیش هیجرەتیشی کرد لەبۆ حەبەشه، لەوێ چووه ناو کوفرِ، لۆ؟ چونکی کابرا لەناو داخیلی خۆی ئائەو نەوعه مومارەسەیەی نەکردبوو، حەتتا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) له حەیاتی وی ئەمین نەبوو له ئەثنای مومارەسه و موتابەعاتی، لۆیه که خەبەری لەبۆ هات که ئەبوسەلەمه وازی له دین هینایه، یەکسەر لەوێ خێزانەکەی لێ سەحب کرد، موحتەمەله دیسان ببته موئمین، لەبۆی جائیز نییه بی خوازی، یەکسەر طەلەبی کرد له نەجاشی مارەیی له خۆی ببرِی، پاشان که ئوم سەلەمه گەڕاوه مەدینه بووه خێزانی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم)، فه ئەو حالەته ئیمانه، کیتابییه ئەهلی کیتابی له قورئان ئیقرارِی پێ نەکرایه، لۆیه دەفەرمی(لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ)(المائدة٧٣) خۆ مەسیحییەکان ئیلغای خوایان نەکردییه.